سعودیە ... دابیکردنی چەتری زیرەک بۆ حاجیان

بەمبەستی پاراستنی حاجیان لە گەرمای تیشکی خۆر، حکومەتی سعودیە چەتری زیرەکیان بۆ دابین دەکات.

ئەمرۆ شەممە ، میدیاکانی سعودیە باویانکردووە، شانشینی سعودیە خزمەتکردنی حاجیان لە کاتی حەجکردندا چەترەکی زیرەکیان دروستکردووە بۆ پاراستن لە تیشکی خۆر و گەرمای بەتین.

وتیشیان، چەترەکە بەجۆرێک دیزاین کراوە، دەتوانرێت بەبێ دەست بەکاربهێنرێت و ڕێگە بە ئازادیی جوڵە و توانای ئەنجامدانی نوێژکان دەدات بە ئاسانی.

دەشڵێن، ئەم چەترە بۆ ئامانجی پاراستنی حاجیان لە گەرمای بەتینی خۆر لە کاتی ئەنجامدانی ڕەوڵەسمی حەجدا، دروستکراوە، بەتایبەتی لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە وەرزی حەجدا.

ئاماژەیان بەوەشکردووە، ئەم دەستپێشخەرییە بەشێکە لە زنجیرەیەک هەوڵی شانشینی سعودیە بۆ

دابینکردنی ئاسوودەیی و سەلامەتی بۆ زیارەتکاران.